# توندوتیژی دژ بە ئافرەت

## لە روانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە



د. بەشیر خەلیل حەداد *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بە گەڕانەوەمان بۆ خوێندنەوەی بارودۆخی ئافرەت لە گشت بوارەکاندا پێش هاتنی ئیسلام، دەبینین لەو سەردەمەدا گەورەترین تاوان و جۆرەها توندوتیژی دژی ئافرەت ئەنجامدەدرا، ئیسلامیش لە ڕێگای پەیامی خواوە گەورەترین شۆڕشی بەرپاکرد، نەك تەنیا بۆ رزگارکردنی ئافرەت بەتەنیا، بەڵکو بۆ رزگارکردنی تەواوی مرۆڤایەتی. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی هەندێك سەرچاوەی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان بۆمان دەردەکەوێت کە:

١- بە ئەندازەی بەرەوپێشەوە چوونی مەسەلەی ئافرەتان و دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانی (بە تێڕوانینی رۆژئاوا)، بە هەمان ئەندازەش توندو تیژی لەدژیدا زیادی کردووە.

٢- بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی توندوتیژیی بەرامبەر ئافرەت لە جیهاندا بەم شێوەیەی ئێستا پەرەی نەسەندووە، چ لە رووی فراوانی و چ لە رووی چڕیی توندیدا.

٣- توندوتیژی دەرحەق بە ئافرەت بریتیی نییە لە رووداوێکی لۆکاڵی و حاڵەتێکی جیا، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانیی بەربڵاوە، بە جیاوازی شوێن و ئایین و هزر و کەلتوورەوە.

٤- مەترسیی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بە گشت جۆرەکانییەوە دژ بە ئافرەتانی تەمەن ١٥-٤٤ ساڵ، زیاترە لە مەترسیی تووشبوونیان بە نەخۆشیی شێرپەنجە و مەلاریا، یا رووداوەکانی هاتوچۆ، یا قوربانییانی جەنگ.

٥- توندوتیژی خێزانی بەگشتی و بەرامبەر ئافرەت بەتایبەتی بەشێکە لە هزری توندوتیژی بەربڵاو لە ناو خەڵکدا لە هەموو جیهاندا لەم سەردەمەدا.

ئەگەر بشپرسین: ئاخۆ هۆکارەکانی توندوتیژی چین؟ لەوەڵامدا دەڵێین: هەندێك جار ئافرەت خۆی هۆکارە، هەندێك جاریش پیاوان، یا کەلتوورو داب و نەریت.

گرنگترین هۆکارەکانی توندوتیژی بریتین لە تێڕوانینی سەقەت و بەکەم زانینی ئافرەت و تەماشاکردنی ئافرەت وەك جەستەیەکی مێینە تایبەت بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی پیاو، و پشتگوێخستنی بەهای مرۆڤایەتیی ئافرەت و توانستە عەقڵی و هزرییەکەی. هەروەها کەلتووری پیاوسالاری (تەنانەت لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکانیشدا)، سەرەڕای هەندێك کەلتوورو داب و نەریتی تێکەڵکراو بە ئایین و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە و تێنەگەیشتن لە رۆح و جەوهەری ئایین، مامەڵەی هەڵە لەگەڵ دەقە ئایینییەکان، هەروەها پەرچەکرداری ئافرەتان و هاوردەکردنی کەلتوور و هزری نامۆ، هەموو ئەمانە و هی تریش بەشێکن لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و مومارەسەکردنی توندوتیژی.

لە روانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەنجامدانی هەر جۆرە ستەم و ناهەقی و توندوتیژی دەرحەق بە مرۆڤ بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی حەرامە. تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئافرەت لە چوارچێوەی مرۆڤبوونیدایەو لە ئیسلامدا ئافرەت مرۆڤە پێش ئەوەی مێینە بێت، ئەم مرۆڤبوونە یەکسانە بە مرۆڤبوونی پیاو، هەروەك لە ئایەتی



١ سورەتی (النساء)دا هاتووە. واتە ئەو پەیامەی خوا ناردوویەتی بۆ گشت مرۆڤەکانە بە پیاو و ئافرەتەوەو ڕێز گرتنی بۆ هەردوو ڕەگەزە، هەروەك لە ئایەتی (٧) لە سورەتی (الإسراء)دا هاتووە. پێغەمبەری خۆشەویستیشمان دەفەرموێت: (النساء شقائق الرجال)، واتا ئافرەتان نیوەکەی ترن لەگەڵ پیاو بۆ تەواوکردنی مانای مرۆڤایەتی، یا ئافرەت هاوبەش و هاوماف و هاوئەرکە لەگەڵ پیاواندا، ئەگەر جیاوازییەکیش بەدی دەکرێت لە نێوان پیاو و ئافرەتدا، ئەوا جیاوازیی تەواوکارییە، نەك جیاکاری، جیاوازییە لەو ئەرك و ڕۆڵەی کە دەیبینن لە بەرەوپێشبردنی ژیان و بونیادنانی شارستانی، نەك جیاوازیی بە گەورە زانین و بەرزکردنی لایەك دژی لایەکەی تر.

ئیسلام گرنگی زۆری داوە بە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ئافرەت بەتایبەتی، بەو پێیەی خۆشەویست و هاوەڵ و هاوسەر و شەریکی پیاوە لە ژیاندا، پێشێلکردنی ئەو مافانە و ئەنجامدانی توندوتیژی پێچەوانەی پەیامی خودا و دژی هەموو بەها مرۆییەکانە. بەڵام مخابن ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا، توندوتیژی لە هزر و مومارەسەکردندا لە زیادبوون و هەڵکشاندایە، هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەم دیاردە ناتەندروست و نامرۆڤانەیە، با بە ڕێژەیەکی کەمتریش بێت، لەبەر ئەمە پێویستە ئێمەی موسڵمان و کوردستانی هەرگیز ئەمەمان لە یاد نەچێت کە:

١- ئایینەکەی ئێمە پەیامی ڕەحمەت و نەرمونیانی هێناوە بۆ مرۆڤەکان، نەك زەحمەت و توندوتیژی.

٢- مرۆڤبوونی ئافرەت یەکسانە بە مرۆڤبوونی پیاو، پێچەوانەی ئەمەش بێدینی و پێچەوانەی پەیامی خوایە.

٣- پێغەمبەری خۆشەویستمان (د.خ) هیچ کاتێك توندوتیژ نەبووەو قبوڵیشی نەکردووە، بەڵکو مامەڵەی مرۆڤانەی لەگەڵ ئافرەتدا کردووەو مافی ژیان و ڕادەربڕین و فێربوون و هەڵبژاردنی هاوسەر و بازرگانیکردن و تەنانەت ڕاوێژی پێداون و تکایشی قبووڵ کردووە لە پەنادانی پیاوی داواکراو، لێخۆشبوونیشی.

٤- ڕەوشتی ئیسلام و گشت داب و نەریتەکانی ڕزگارکەری ئافرەتن، نەك پێشێلکردنی مافەکانی، یا نواندنی توندوتیژی بەرامبەری.

٥- پێویستە ئافرەتانیش ئەوە بزانن هەروەك چۆن پیاوسالاری لە ئیسلامدا قبووڵ نییە، بە هەمان شێوە ئافرەتسالارییش قبووڵ نییە، بەڵکو پێویستە مرۆڤسالاری بوونی هەبێت لە پێوەندی نێوان ژنان و پیاواندا.

لە کۆتاییدا دەڵێم: گرنگ نییە کە مومارەسەی توندوتیژی نەکرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هزری توندوتیژی ڕەت بکرێتەوەو عەقل و بیر و هۆشی لێ خاوێن بکرێتەوە.

بە ئومێدی نەهێشتنی هزر و کاری توندوتیژی لە گوفتار و ڕەفتار و ئاکارمان.

---

*** پسپۆڕ لە هزری ئیسلامیدا**

## یادکردنەوەی "پەپوولە لەبیرنەکراوەکان"

# هەڵمەتێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان

**توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە بنەمای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان دادەنرێت، هەروەها میکانیزمێکی نەرێنیی کۆمەڵایەتی دێنێتەئاراوە کە ئافرەت ناچاردەکات پلەو پایەو پێگەی نزمتر لە پیاوان قبووڵ بکات. بۆیە ئافرەتان بۆ نەهێشتنی ئەو نادادپەروەری و جیاوازییە رەگەزییانەو بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە لە سەرلەبەری جیهاندا خەباتێکی بێوچانیان کردو بەرهەمی قوربانیدانەکانیشیان رۆژی جیهانی ٢٥ی نۆڤەمبەری لێکەوتەوە، کە لەو رۆژەدا لە هەرێمی کوردستانیش هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتوتیژی دژ بە ئافرەتان دەستپێدەکات و بۆ ماوەی ١٦ رۆژ بەردەوام دەبێت، بەڵام وێڕای رۆڵی ئەرێنیی ئەو جۆرە چالاکییانە، بەشێک لەچالاکانی بواری مافەکانی ئافرەت رایانوایە کە ئەو هەڵمەتە نەیتوانیوە مۆرکی دیاردەی توندوتیژی کاڵ بکاتەوە، لەبەرامبەر ئەو بۆچوونەشیان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ساڵ لە دوای ساڵ رێژەی توندوتیژییەکان هەڵدەکشێن. بەشداربوونی ئەم راپۆرتەی گوڵان هەڵسەنگاندنی زیاتری ئەم بابەتە دەکەن.**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

هەڵبژاردنی رۆژی (٢٥)ی نۆڤەمبەر بۆ ئەو رووداوە دەگەڕێتەوە کە لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی (١٩٦٠) لە وڵاتی دۆمینیکان روویدا. لەو رۆژەدا سێ ئافرەت (پاتریا، مینروا، ماریا ترێزا) کە بە خوشکانی میرابال-ناویان دەرکردووە، بەهۆی دەست و پێوەندەکانی «ترۆئیلۆ» دیکتاتۆری دۆمینیکان، کوژران. پاتریا، مینروا و ماریا ترێزا کچی «ئینریکە میرابال» و «ماریا مێرسدێس» بوون. ئەم سێ خوشکە و مێردەکانیان لە خەباتگێڕانی شێلگیری دژ بە رژێیمی «ترۆئیلۆ» بوون و، هەرسێکیان نموونەی بەرزی خەبات و خۆڕاگری و دژی حکومەتی ملهوڕانەی ئەو دیکتاتۆرە بوون. لە رەوتی خەباتدا هەرکامێکیان چەندین جار کەوتبوونە بەندیخانە. لە ژانیوەری ١٩٦٠ پاتریا، سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەیەکی گرتە دەست کە دواتر بوو بە هەوێنی بزووتنەوەی نهێنیی ١٤ ی جۆنی ١٩٦٠. دوو خوشکەکەی دیکەشی بوون بە ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە. تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە نهێنییە لە سەرانسەری وڵاتدا کەوتنە بەر راوەدوونان، لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٦٠ خوشکانی میرابال، لەکاتێکدا بۆ دیتنی مێردە بەندکراوەکانیان دەیان بردن، بەدەست بەکرێگیراوانی «ترۆئیلۆ» و بە فەرمانی راستەوخۆی ناوبراو، کوژران. ئەم تاوانە بەجۆرێك بووە هۆی تووڕەیی و بێزاریی گشتی خەڵك کە بۆخۆی بووە یەکێك لە هۆکارەکانی بەرەوپێشبردنی خەبات لە دژی دیکتاتۆریی ترۆئیلۆ. ساڵێك دوای کوشتنی خوشکانی میرابال، حکومەتی ملهوڕی ترۆئیلۆ کۆتایی پێهات. ئەم خوشکانە کە نازناوی «پەپوولە لەبیرنەکراوەکان»یان پێدراوە، بوون بە سیمبولی خۆڕاگری و خەبات بە دژی ستەم دەرحەق بە ژنان و ئەم رۆژە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەك رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان قبوڵ کرا. یەکەمجار لەساڵی ١٩٨١ لەلایەن فیمێنیستەکانی ئەمریکا ئەو رۆژە وەکو رۆژی خەبات دژی توندوتیژی یان نەهیشتنی توندوتیژی دەستنیشان کرا، پاشان لە١٧ی دیسەمبەر ساڵی ١٩٩١ لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی راگەیاندرا. دواتر ئەنجومەنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەساڵی ٢٠٠٠ بڕیارنامەی ١٣٢٥ی بە ناوی (ژنان، ئاشتی و ئاسایش) پەسەند کرد. تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارنامەیە، پێشگیریکردنە لە بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها پێشگرتن لە زیادبوونی توندوتیژی دژ بە ژنان دەگرێتەوە. ئەم بڕیارنامەیە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی کردەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان پەلکێشی بەردەم یاسا و دادگاکان بکرێن، بەڵام بەداخەوە نەك تەنیا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کردەوە پەیگیری ئەم بڕیارنامەیەی خۆی (بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی بڕیارنامەکانی دیکەی ) نەکردووە، بگرە دەوڵەتانی دژەژنیش کە ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشن، بەشێوەیەکی گشتی بڕیارنامەی لەو جۆرەیان قبوڵ نەکردووە و بەردەوام و بێپسانەوە لە هەموو زەمینەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەڵاواردنێکی بەربڵاو و ئاشکرا دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن.

شەمام حەمەزیاد، وەك چالاکی کۆمەڵی مەدەنی، تەرخانکردنی ١٦ رۆژ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە چارەسەر نازانێت و رایوایە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارەو توندوتیژییەکانیش زیاتر خێزانین، گوتیشی: «بەهۆی ئەوەی ئەمساڵ قەیرانەکان زیادیان کردووە، توندوتیژیش بە رێژەیەکی زۆرتر لە ساڵان زیادی کردووە، زۆربەی توندوتیژییەکانیش لەخێزانەوە دەخزێتە ناو کۆمەڵگەو ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت، بەجۆرێك کە کۆمەڵگەیەکی توندوتیژ بەرهەم دێنێت.»

ئەو چالاکەی کۆمەڵی مەدەنی چارەسەر لە ئەکتیڤکردنی یاسای باری کەسیدا دەبینێت و دەڵێت: «ئەگەر ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە هەمانە، وەکو خۆی پەیڕەو بکرێن و کاریان پێ بکرێت، توندوتیژی کەمتر دەبێت.» گوتیشی: «ساڵانە بە دەیان ژن لە هەرێمی کوردستان دەکوژرێن و کەس باسیشیان ناکات، لەکاتێکدا لە وڵاتی ئێمەدا لەبەرخودان و سەختی و نەهامەتی پشکی شێر بەر ئافرەتان کەوتووەو لە رێگەی شۆڕش و ئازادیخوازیدا قوربانیی زۆریان داوە، هیوادارم یادکردنەوەی رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان ببێتە دەرفەتێکی باش کە حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەندە میدیایی و رۆشنبیرییەکان و گشت لایەك بتوانین بە ئاراستەی نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ژنان هەنگاو بنێین و لەم رێگەیەدا دەستکەوتی کردەیی مسۆگەر بکەین.»

پەرلەمانتار حەیات مەجید بڕیاردەری لێژنەی داکۆکیکردنی مافەکانی ئافرەتان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دیارە ئێمە وەکو لێژنە کۆمەڵێك کاری گرینگمان کردووە، هەرە لەسەرەتای شەڕی داعشەوە سیمینارێکی تایبەتمان رێکخست بۆ هەموو رێکخراوەکانی NGO کان و ئەو رێکخراوانەی کە کار لە سەر مافی مرۆڤ و ئافرەتان دەکەن لەگەڵ سێکتەرەکانی حکومەت تایبەت بەو بابەتە بە ناونیشانی (چی بکەین بۆ ژنانی ئێزیدی؟) کە کۆمەڵێك راسپاردەی گرینگ لەسەر ئەساسی ئەو راسپاردەیە دەرچوو، کۆبوونەوەیەکی تایبەتیش لە پەرلەمان کرا بۆ هەمان مەبەست و کۆمەڵێك پێشنیارو بڕیار دەرچوو، دواتر پێشنیاری کۆبوونەوەکەمان پێشکەش بە لایەنی پێوەندیدار کرد بۆ کارکردن لە سەری. لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان داوای لە حکومەتی ناوەند کرد کە مووچەیەکی تایبەت بۆ ئەو

**هەمیشە لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی لە پێوەندیداین و داوامان لێکردوون کە لە وتارەکانی رۆژانی هەینی باسی گەورەیی تاوانی خۆسووتاندن لای خوای گەورەو سزاکەی بکەن**

**ئامارەکانمان دەرخەری ئەو راستییەن کە کێشە خێزانییەکان کەمی کردووە، تەنیا تۆمارکردنی سکاڵا زیادی کردووە، ئەوەش بۆ هۆشیاریی ئافرەتان دەگەڕێتەوە**

**لە ماوەی ٨ مانگی یەکەمی ئەمساڵ ٢٦ حاڵەتی کوشتن و ٥٥ حاڵەتی خۆکوشتن و ١٨٩ حاڵەتی سووتان و خۆسووتاندن و ٤٢١٤ سکاڵا و ٦٢ حاڵەتی توندوتیژی سێکسی تۆمارکراون**

**جەنگ و ململانێی چەکداری، بووەتە مۆتەکەو هەردەم هەڕەشە لە ئافرەتان و منداڵان دەکات. لەهەرکوێی دنیادا جەنگ روویدابێت، ئەو چینەی کە گەورەترین قوربانی بەردەکەوێت، چینی ئافرەتان و منداڵانن**

ئافرەتانە ببرێتەوە کە لەژێر دەستی گروپی تیرۆریستان رزگاریان بووە. ئەم بابەتە لەلایەن وەزارەتی کاری عێراقیەوە بە جددی وەرگیراو کاری لەسەر کرا. لە لێژنەی داکۆکیکردن لەگەڵ هاوڕێیەکی لێژنەکەدا پرۆژەیەکمان نووسیوە پێشکەشی حکومەت دەکەین لە نزیکترین کاتدا بۆ ئەوەی حکومەت جێبەجێی بکات بۆ ئەو ئافرەتانە لە هەموو سێکتەرە جیاوازەکان کە ئەم پرۆژەیە جێگای تایبەتی خۆی دەگرێت، ئەگەر حکومەتی هەرێم کاری لەسەر بکات. زۆر بە وردی ئەرکەکانی وەزارەتەکانمان بەرامبەر ئەو کەیسە نیشان داوە، ئەمانەو دەیان کاری دیکەمان کردووە. هەروەها کارمان کردووە بۆ گەیاندنی دەنگی ئەو ئافرەتانەی لەدەستی تیرۆریستان رزگاریان بووە بە پەرلەمانی ئەڵمانیاو بەریتانیا بۆ ئەوەی لە رووی ماددی و مەعنەوی هاوکارییان بکرێت.»

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئیراد منوچر سان ئەحمەد، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەگەر چاوێك بە مێژوودا بخشێنینەوە، دەبینین لەسرووشتدا بنەمای هێزو توانا کاری کردووەتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگەو بەهێزەکان بەتایبەتی رەگەزی نێر مافەکانیان بۆ خۆیان بردووەو رەگەزی مێیان پشتگوێ خستووە، بە بیانووی ئەوەی کە بوونەوەرێکی بێهێزن لە رووی جەستەوە، زۆر جاریش رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، بەهانە و بیانووی جۆراوجۆریشیان بۆ ئەو مامەڵەکردنە ناتەندروستەیان هێناوەتەوە. بەم شێوەیە چەمکی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەرفراوان بووە و ئافرەت بەردەوام لەچەند لایەکەوە چەوسێندراوەتەوە، ئەو چەوسانەوەیەش چەند فۆرمێکی لەخۆ گرتووە، لەوانە دەروونی، جەستەیی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و ...هتد. زۆر جاریش بە هۆی جەنگەوە ئافرەتان بوونەتە قوربانی و باجی زۆر گەورەیان داوە، سەرگەردان و ئاوارە بوون و سەپەرشتی خێزانیان لەدەست داوە، هەندێکجاریش گەورەترین توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام داوە، ئەویش دەستدرێژی جەستەیی بووە، ئێستاش مەترسیی ئەوە هەیە کە ببێتە چەکێکی شووم و دژ بە ژنان و منداڵان لە ململانێ و جەنگەکاندا بەکاربێت. وەك چۆن ئافرەتانی دارفوور رووبەڕووی دەستدرێژی بوونەوە، بە هەمان شێوە لە شنگالیش ئافرەتان رووبەڕووی دەستدرێژی و رفاندن بوونەوە بە هۆی بەرپابوونی جەنگ لە ناوچەکەیاندا.» گوتیشی: «کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە بوونەتە هۆی خولقاندنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، تا ئەمڕۆش بەردەوامە، لەوانە:

- هەژاری کە بە گەورەترین فاکتەر دادەنرێت بۆ برەودان بە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.
- کەلتوور و دابونەریت.
- جەنگ و ململانێی چەکداری، بووەتە مۆتەکەو هەردەم هەڕەشە لە ئافرەتان و منداڵان دەکات. لەهەرکوێی دنیادا جەنگ روویدابێت، ئەو چینەی کە گەورەترین قوربانی بەردەکەوێت، چینی ئافرەتان و منداڵانن.
- نەبوونی سەروەریی یاسا بۆ پشتگیری لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە بە هەموو فۆرمەکانی یاساغی توندوتیژی دەکات.
- نەبوونی رۆشنبیریی ئافرەتان بەرامبەر بە مافەکانیان.»

سوندس حوسێن بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەردەوامی و زۆربوونی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لەم دووساڵەی دواییدا دەگەڕێنێتەوە بۆ: «نەبوونی هۆشیاری تاك لە مامەڵەکردنی لەگەڵ لایەنەکانی رۆشنبیری، تەندروستی، کەلتووری، ئابووری، سیاسی و ئایینی و دەڵێت: «ئەمانە هۆکارگەلێکن کە بەردەوامی دەدەن بە بوونی توندوتیژییەکان و بگرە زۆرجار تەشەنە دەکەن و دەبنە دیاردە، لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەداخەوە بەهۆی ئەو شەڕو قەیرانە داسەپاوانەی کە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، وەك سەرهەڵدانی داعش و پەلاماردانی هەرێمی کوردستان و خراپیی باری ئابووری، ئافرەتانیش قوربانییەکی زۆر گەورەیان داوەو بەشێکیان لەشنگال رفێندران و تا ئێستاش تیرۆریستان بە دڕندانەترین شێواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، بەشێکی دیکەی ئافرەتانیش سەپەرشتی خێزانیان لەدەست داوەو باری ژیانیان زۆر قورستر بووە.» گوتیشی: «جێگای خۆیەتی سەری رێزو نەوازش بۆ برا پێشمەرگەکانمان دانەوێنین بەرامبەر بە قوربانیدانیان لەپێناو پاراستنی هەرێمی کوردستان و لەناوبردن و قڕکردنی داعش و توندوتیژییەکانیان. پەلاماردانی داعش بۆ سەر کوردو براو خوشکە ئێزیدییەکانمان و جینۆساید و شەهیدکردن و رفاندن و بازرگانی و دەستدرێژی و بەدیلکردنیان بە بەرچاوی هەموو جیهان و مرۆڤدۆستانەوە، گەورەترین پەڵەیە بەنێوچەوانی داعش و مێژووی مرۆڤایەتییەوە، بۆیە پێویستە هەموان بەشداربین لەبنبڕکردنی. هەروەها ئەو دۆخەی کە بووەتە هۆی زیادبوونی رێژەی توندوتیژی، هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی عەرەبە بۆ ناوخاکی کوردستان، بەهۆی ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و رۆشنبیرییەی کە هەیە وەك نەتەوەو هەروەها ناجێگیری باری ئابووری و دارایی و سەرهەڵدانی چەندین قەیران، لەوانەش دواکەوتنی مووچەو بڕینی داهاتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداو هەروەها نەبوونی چاودێر و سزای یاسایی بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەندێك بەرنامەی ناتەندروستی کۆمەڵایەتی کە کاریگەریی سلبییان لەسەر خێزان و تاکی کوردو بەتایبەتی لاوان بووە. ئەمانەو چەندین لایەنی تریش کە پێویستیان بە دەیان دەرخستەو سیمینارو کۆڕ هەیە بۆ وتوویژ و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هۆکارەکان و رێکارەکانی چارەسەرکردنیان.» سوندس حوسێن سەبارەت بە هەوڵەکانی خۆیان لەو بوارەدا گوتی: «ئێمە وەك چالاکوان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەمیشە لەهەوڵدابووین بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی و



دۆزینەوەی ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەویش بە پێشکەشکردنی چەندین بابەتی هۆشیاری و رۆشنبیری و یاسایی و تەندروستی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی تاك و خێزان و هەروەها خزمەتکردنی ئافرەتان بەوەی کە فێری پیشەیەك بکرین بۆ پشتبەستن بەباری دارایی خۆیان، هەروەها بەهەموو شیوەیەك پاڵپشتی کەسی تاوانلێکراو بووین و دەنگی خۆمان خستۆتە پاڵ دەنگیان و نارەزایەتی خۆمان بەرزکردووەتەوە بۆلایەنی پێوەندیدار و پاڵپشتیکردنی یاسا بۆ سەروەربوونی. ئەوەی ئەرکە لەسەرشانی ئێمە، رێنماییکردنی تاکەو ئەوەی دەمێنێتەوە لەئەستۆی حکومەت و لایەنی پەیوەست بەو کیشانەیە.»

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تەنیا لە ماوەی ٨ مانگی یەکەمی ئەمساڵ ٢٦ حاڵەتی کوشتن و ٥٥ حاڵەتی خۆکوشتن تۆمارکراوە، ١٨٩ حاڵەتی سووتان و خۆسووتاندن و ٤٢١٤ سکاڵا هەبووە وێڕای هەبوونی ٦٢ حاڵەتی توندوتیژی سێکسی.

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان شەش بەڕێوەبەرایەتی و ٢٨ نووسینگەی هەیە، سەرجەم رووداوەکانی سووتان، خۆسووتاندن، کوشتن، خۆکوشتن، سکاڵا و دەستدرێژیی بۆ سەر ئافرەتان لەلایەن نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیانەوە تۆماردەکرێن.

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر، بە گوڵانی راگەیاند: بەپێی بڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمەش ساڵانە بە چەندین کارو چالاکی جۆراوجۆر هاوشێوەی وڵاتانی دیکە ئەو یادە بەرز دەنرخێنین، وەکو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر، بە هاوکاری کۆمەڵێ ڕێکخراوی مرۆیی نێودەوڵەتی بۆ ئەمساڵ کۆمەڵێ پڕۆژەی گرنگمان لەبەردەستەو کاری لەسەر دەکەین، لە هەموویان گرنگتر رووبەڕووبوونەوەی جیاوازی رەگەزی بەپێی رێککەوتننامەی سیداو لەگەڵ هاوسەرگیری پێشوەخت، کە لەناو ئاوارەکان بۆتە دیاردەیەکی ترسناك، هەروەها چەندین چالاکی و سیمینار ئەنجام دەدرێت، ئەگەرچی ناتوانرێ دیاردەی توندوتیژی بنبڕبکرێت، بەڵام ئامارەکانمان دەرخەری ئەو راستییەن کە کێشە خێزانییەکان کەمی کردووە، تەنیا تۆمارکردنی سکاڵا زیادی کردووە، ئەوەش بۆ هۆشیاریی ئافرەتان دەگەڕێتەوە.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە هۆی چییە رێژەی خۆسووتاندنی ئافرەتان لە زیادبووندایە، رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر گوتی: «ناکرێ بڵێین دیاردەکە زیادی کردووە، چونکە رێژەکە بەپێی مانگەکان دەگۆڕێت مانگ هەیە هیچ حاڵەتێکی خۆسووتاندن تۆمار ناکرێت، بە پێچەوانەوەش مانگی وا هەیە چەند حاڵەتێك تۆماردەکرێت، بەداخەوە خۆسووتاندن دیاردەیەکی زۆر ترسناك و ناشیرینە کە بەرۆکی ژنانی کوردی گرتووە، بۆ رێگریکردن لەو کارە تارەوایە هەمیشە لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی لە پێوەندیداین و داوامان لێکردوون کە لە وتارەکانی رۆژانی هەینی باسی گەورەیی تاوانی خۆسووتاندن لای خوای گەورەو سزاکەی بکەن، پێویستە هەموومان بە هەماهەنگی لەگەڵ راگەیاندنەکان و لایەنە پێوەندارەکان رووبەڕووی ئەو دیاردە ناشیرینە ببینەوەو هۆکارەکانی نەهێڵین، چونکە خۆسووتاندن هۆکاری خۆی هەیە، لەوانە رەنگە ئافرەتەکە لەلایەن کەسوکاریەوە پشتگیری ناکرێت، یاخود متمانەی بە دەوروبەر و بە یاساش نەماوە.»

**بەهۆی ئەو شەڕو قەیرانە داسەپاوانەی کە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، وەک سەرهەڵدانی داعش و پەلاماردانی هەرێمی کوردستان و خراپیی باری ئابووری، ئافرەتانیش قوربانییەکی زۆر گەورەیان داوەو بەشێکیان لەشنگال رفێندران و تا ئێستاش تیرۆریستان بە دڕندانەترین شێواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن**

**بەهۆی ئەوەی ئەمساڵ قەیرانەکان زیادیان کردووە، توندوتیژیش بە رێژەیەکی زۆرتر لە ساڵان زیادی کردووە، زۆربەی توندوتیژییەکانیش لەخێزانەوە دەخزێتە ناو کۆمەڵگەو ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت، بەجۆرێک کە کۆمەڵگەیەکی توندوتیژ بەرهەم دێنێت**